

## بانگخواز؛ مامۆستا شێخ فاتح محمد سمیع.. بۆ ستاندەر:

# سەروەری هەرە گەورەی ئەو حزبە ئیسلامیانە، بریتیە لەکاری دەعوەو بانگەواز

**سلێمانی -ژیار**

بانگخواز فاتح شێخ محمد سمیع لەدایك بوی ساڵی (١٩٦٩).. خێزاندارەو خاوەنی (٣) مناڵە بەناوەکانی(محمد-سۆز- سناء )لە ساڵی ١٩٩٦)ە وە کاری راگەیاندن دەکات ..جگە لەوەیپێشکەشکارو ئامادەکاری چەندین بەرنامەی ئێزگەییە لە دەنگی یەکگرتوو-رادیۆی سلێمانی کە کایگەریترین لە ئێستادا بەرنامەی (دروود)ە کە بە پێی راپرسیەکی رەسمی لە دەنگی یەکگرتوو زیاتر لە پەنجاهەزار گوێگری هەیە. ( وە بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو/کەناڵی سلێمانی, وە بەشداری کردن لەپرۆژەکانی ناوەندی راگەیاندنی ئارا لە خوێندنەوەی دۆبلاژەکانی (م. عمرو خالد) وە خوێندنەوەی بەشێك لە ئەڵقەکانی زنجیرە فلمە ئیعجازی و زانستیەکان کە لەو ناوەندەدا بەرهەم دێت ..خاوەنی چەندین کتێبە.

لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ (ستاندەر) کەسایەتی بانگخوازی ئیسلامی و کاریگەر (م.فاتح شێخ محمد شێخ) باس لەسەرەتاکانی کاری بانگخوازی خۆی وکاری بانگخوازی لەمرۆی کوردستان و کێشەو گرفتەکانی ئەو بوارە گرنگە بۆ خوێنەرانی ستاندەر روون دەکاتەوە. دەربارەی داهاتووی کاری بانگخوازی لە کوردستاندا مامۆستا فاتیح دەڵێت» دەکرێت لە سەردەمێکی داهاتوودا کاری بانگخوازی ببێتە (موسسەیەك) دامەزراوەیەك وەئیشی دامەزراوەیەکی گەورەتری بۆ بکرێت و بە تەنها لە چوارچێوەی حزبدا نەکوژرێت و قەتیس نەمێنێت»

**ستاندەر: چۆن هاتیتە ناو کاری بانگخوازی و وە کێ هاندەرت بوو؟**

مامۆستا فاتح: لە تەمەنی (١١) ساڵیەوە ئاشنای کاری بانگخوازی بووم لە رێگەی مامۆستا (حبیب محمد سعید)ەوە کە ئەو کات قوتابی ئەو بووم بۆ ماوەی سێ ساڵ وانەی قورئان و ژیانی پێغەمبەرو هاوەڵان و کۆمەڵێك لە کتێبەکانی (محمود غریب)م خوێندووە وە من باوکم ئیمام و خگیب بوو. سوپاس بۆ خوا لە بنەماڵەیەکی دیندارو مەلا زادە بووم.ئەوە کاریگەری زۆر بووە ,بەڵام سەبارەت بە کاری بانگخوازی من لە دنیایەکی (تصوف)یدا ژیاوم بەڵام کاتێك لە پێنجی سەرەتای بووم ئاشنابووم بە یەکەم کتێبی ئیمامی شهید حسن بنا بەناوی



(مدكـرات الدعـوى والداعیە)هەرچەنـد مـن تەمەنم زۆر منداڵ بوو وە بە زمانی عربی بوو زۆر کەمی لێ تێئەگەیشـتم لەگەڵ ئەوەشدا هەموویم خوێندەوە .وە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە دەرسی گشتیم هەبووە لە مزگەوتەکاندا.

**سـتاندەر: ئێسـتای کاری بانگخوازی لە کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

مامۆسـتا فاتـح: کاری بانگخـوازی لـە کوردستاندا لە ساڵەکانی (١٩٩٠) دەکاندا زۆر باشـتر بوو وەك لە ئێستا , ڕەنگە ئێستا زۆر بـاش نە بێت بەهۆی ئەوەی ئێسـتا ئەفكارو بـیرو بۆچونی جیـاواز هەیە تەنانـەت لە ناو حزب و لایەنی ئیسلامیداقسەو باس دەكرێت لەوەی كە ئایا ئێمە دەعاوی و پەروەردەیی بمێنینـەوە یاخـود حزبێكی سیاسـی مجرد بین؟

**سـتاندەر:بە بۆچونی جەنابتـان تا چەند سیاسـەت و کاری ئیسـلامی بـە یەکـەوە هەڵدەکەن؟ ؟**

مامۆستا فاتح:ئەمە شـتێکە شاراوە نیە ئێمە دەبێت شـەفافانە لە سەری بدوێین كە هەندێ لە بیریارانی ئیسـلامی یان هەندێ لە خەڵکانی ولاتی خۆشمان قسـە لە سـەر ئەو بابەتە دەكەن بەلام من حەزدەكەم پێداگری لە سـەر ئەوە بكەم ئەوەی جەوهەری ئیشی ئیسـلامیە و حزبی ئیئسلامیە بە تایبەت دوو حزبی گەورەی وەك یەككگرتووی ئیسـلامی و كۆمەڵی ئیسـلامی لەكوردسـتاندا سەروەری هـەرە گەورەیان كە لە ڕابونێكی ئیسـلامیدا خۆی دەنوێنێت بریتی یە لە كاری بانگخوازی

چونكە ئەوەی خەڵك ئەم حزبە ئیسلامیانەی پێ ناسـیووە بریتی یە لـە كاری بانگخوازی نـەك شـتی تر وە ئـەوەی خەڵك پشـگیری ئەم حزبە ئیسـلامیانە دەكات لەسەر بنەمای بانگخوازیـە نەك شـتانێكی تر چونكە ڕەنگە لـە مەجالەكانـی تردا كـەم تەرخەمی و كەم توانایی و نەبونی ئیمكانیەت ببێتە گرفتێك لەوەی كـە نەیانتوانیبێ لە مەجالەكانی تردا بچنە پێشـەوە بـەلام ئەوەی كـە دەنگ بۆ حزبە ئیسـلامیەكان كـۆ دەكاتەوە بریتی یە لە نوێـژو لایەنی ئیمانی بۆیەلـێرەدا ئەگەر بە زیادە ڕەوی نەبێـت بڵێم زۆرێك لە ئەندام پەرلەمان و وەزیرە ئیسـلامیەكان شانسـی بردنەوەیان نەدەبوو ئەگەر سـیقەو متمانەی

## نابێت کارە بانگخوازیەکە بکرێتە ئامرازێك بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکێکی سادەو ساکار چونکە ئەو کاتە دەتوانم بڵێم فێڵ لە خۆمان و لەوانیش دەکەین

ڕەبانی بونیان لە لای جەماوەری موسڵمانی کوردستان نەبوایە چونکە ئەوە بوەتە هۆی ئەوەی کە ئەو بگاتە ئەو پلە و پایەیە وە ژیانێکی خۆش بباتە سەر وە سەروەری هەرە گەورەی ئەو حزبە ئیسلامیانە بریتی یە لە کاری دەعوەو بانگەواز.

ستاندەر:باست لە سەروەری حزبە ئیسلامیەکان کرد بەوەی کەبریتی یە لە کاری بانگەواز ئایا ئیسلامیەکانی ئێستا چەند کاری بانگخوازی دەکەن؟ یان تا چەند قەناعەتیان بەوە ماوە کە زیاتر گرنگی بە کاری بانگەواز بدەن یان بە سیاسەت..؟

مامۆستا فاتح : دەکرێت بڵێم کەمتەرخەمیەکی زۆر لە کاری بانگخوازیدا هەیە . زیاتر ئێستا بۆ ڕای جەماوەر کاری بانگخوازی دەکرێت نەك وەك ئامانجێکی گەورە مابێتەوە چونکە لە ڕوانگەی هەندێ نوسراوو لێدوانی بەشێك لە ئەندام مەکتەبی سیاسی ناو حزبە ئیسلامیەکان دەرئەکەوێت کە کاری بانگخوازی جیابکرێتەوە یاخود شتێکی جیاواز بێت لە کاری حزبی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی حکومەت یان لەکاری حکومەتدا ئیشی لەسەربکرێت. بۆیە من ئەوە دەڵێم ئەگەر لەو مەجالەدا بەوجۆرە ئیشی لەسەر بکرێت سەنگی ئەو حزبانە لە لای جەماوەر دێنێتە خوارەوە چونکە کاری بانگخوازی ئیشی پێغەمبەرانە زۆر گەورەترە لە هەموو حزب و حکومەت و وە لە هەموو ئەوانەی کە لە ژێر کاریگەری حزبێکدا بمێنێتەوە .

ستاندەر: پێتان وایە لایەنە ئیسلامیەکان چۆن دەتوانن گرنگی زیاتر بە کاری بانگخوازی ئیسلامی بدەن؟ ئایا وەك بەشێکی سەربەخۆ کاری تێدا بکەن یاخود دامەزراوەیەکی (موسسە) تایبەتی بۆ دروست بکەن؟

مامۆستا فاتح: لە کاتێکدا ڕێکخراوێك هەیە بە ناوی ڕێکخراوی خوشکان یان ڕێکخراوی لاوان..وە چەندین ڕێکخراوی تر . دەکرێت ڕێکخراوێکی زۆر بەهێزیش هەبێت تایبەت بە کاری بانگخوازی یاخود جیابکرێتەوە

## ئەوەی کە دەنگ بۆ حزبە ئیسلامیەکان کۆ دەکاتەوە بریتیـیە لە نوێژو لایەنی ئیمانی

بەوەی دامەزراوەیەکی ڕەسمی و تایبەتی بۆ دروست بکرێت . دەکرێت دامەزراوەیەکی تایبەت هەبێت حزب تداخلی تیدا نەکات حکومەت خۆی پشگیری بکات ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەوەی حکومەت چەند قبوڵی ئەوە دەکات کە دامەزراوەیەکی تایبەت بە کاری بانگخوازی هەبێت؟ بۆ نمونە دامەزراوە هەبێت تایبەت بە فێربوون و لە بەرکردنی قورئان..یان دامەزراوە هەبێت تایبەت بە شێوازی پەروەردەکردنی لاوان و گەنجان یان سەرپەرشتی کردنی منداڵانی بێ باوك بۆ نمونە لە میسر دامەزراوە هەیە کە بینای زۆر گەورەی هەیە وەك خەڵوەتگەی پیری ڕاستەوخۆ مزگوتەکان سەرپەرشتی دەکەن و حکومەت پشگیری دەکات. یان گۆرانی بێژێك هەیە بە ناوی(محمد کحلاوی) ئەم پیاوە هەستاوە بەدروستکردنی دامەزراوەیەك تایبەت بە سەرپەرشتی کردنی (٣٠٠) منداڵ بێ سە ر پەرشتی کار کە حکومەت هاوکاری کردوون . بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت بیرێکی جدی بکاتەوە لە دروستکردنی دامەزراوە لە بوارە جیاوەزەکاندا.

ستاندەر: لە بەرژەوەندی کاری بانگخوازیدایە لە چوارچێوەی حزبدا بمێنێتەوە یان دامەزراوەیەکی تایبەت بە خۆی؟؟

مامۆستا فاتح: ئەوە کەوتۆتە سەر ئەو حزبە چەندە قەناعەتی هەیە لە داهاتوودا سیاسەت بکات – پەروەردە بکات – وە کاری بانگخوازیش بکات . چونکە ئەگەر کاری بانگخوازی لە هەردوکیان گەورەتر نەبێت ئەوا کاری بانگخوازیەکە بچوك دەبێتەوە وە خەڵك ئەوە دەزانێت کە کراوەتە هۆکارێك بۆ گەیشتن بەدەسەلاٌت و حکوم کردن .ئەوەش نە لە لایەنی ئیسلامەوە نەلەلایەنی خەڵك تەنانەت بەخودی حزبە ئیسلامیەکانیشەوە قبوڵ ناکرێت .

ستاند ە ر: لە کۆتایدا پێتان وایە داهاتووی کاری بانگخوازی لەکوردستاندا چۆن دەبێت؟

مامۆستا فاتح: وای دەبینم لە داهاتوودا کاری بانگخوازی ببێتە دامەزراوەیەك وە ئیشی دامەزراوەی گەورەتری بۆ بکرێت و لە چوارچێوەی حزبدا نەکوژرێت و قەتیس نەمێنێت بەوەی لە مەجالێکی حزبیدا بمێنێتەوە یاخود نابێت کارە بانگخوازیەکە بکرێتە ئامرازێك بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکێکی سادەو ساکار چونکە ئەو کاتە دەتوانم بڵێم فێڵ لە خۆمان و لەوانیش دەکەین, لە بەرئەوە وەك وتم لە داهاتودا دامەزراوەی گەورە یاخود ئیشی گەورەتر دەکرێت بۆکاری بانگەوازی ئیسلامی وە بانگخواز یاخود مەجالی ئیمانی لە حزبێکی دیاری کراوی ئیسلامیدا نامێنێتەوە چونکە خەڵك هەموو هاوبەشە لە ئیسلامەتی و دینداریدا من وتەیەکی مامۆستا عبدالرحمن صدیق لەیەکێك لە ڕۆژنامەکاندا کە سەرنجی ڕاکێشام کە وتەیەکی زۆر جوانە دەڵێت» ئەمڕۆ ئێمە ناکرێت هەموو دروشمە ئیسلامیەکان هەر ئێمە هەڵی بگرین چونکە هەموو کەس هاوبەشە لەوەدا.